



## مەلەک رۆژهات:

# هونەریش جۆرێکە لە خەبات

باکووری کوردستان هەمیشە شوێنی دەرکەوتنی دەنگە خۆشەکان بووە و بە درێژایی مێژوو چەندین هونەرمەندی نەمر لەو پارچەی کوردســـتان دەرکەوتوون و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردییان کردووە، (مەلەك رۆژهات) یش یەکێکە لەوانە کە هەر لە تەمەنێکی زوودا دەســـتی بە گۆرانی وتن کردووە و توانا و بەهرەکانی خۆی لە بواری گۆرانی و موزیك دەرخستووە.

مەلەك کە نایشارێتەوە لە بەرلەوەی روو لە هونەر بکات وانەی قورئان خوێندنی بە چەند قوتابییەك گوتووە، جگە لە گۆرانی وتن ئاواز دانەریشـــە و گۆرانییەکانی ئـــەم دواییەی زۆربەیان خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئەمەش بە کارێکی ئاسایی و پێویست دەزانێت بۆ بەرەو پێش بردنـــی هونەرەکەی، ژەنینی ئامێرێکی موزیکی یان ئـــاواز دانان جگە لە گۆرانـــی وتن هونەرمەند هەنگاوێك دەباتە پێشەوە، هەروەها دەڵێ: من لە گۆرانی وتندا دەمەوێ خۆم بم و بەردەوام هەوڵ دەدەم شـــتی نوێ پێشکەش بکەم، نامەوێ تەقلیدی کەس بکەمەوە، حەز دەکەم ســـوود لە هونەرمەندان وەربگرم، بەڵام نەك لاسایی کردنەوەیان و پشتگیری لـــەو هونەرمەندانەش ناکەم کە بەردەوام تەقلیدی کەســـانی تر دەکەنەوە.

باشـــووری کوردستان شـــوێنی حەوانەوە و نیشـــتەجێ بوونی هەزاران کوردی پارچەکانی تری کوردستان بووە کە ژمارەیەکیان هونەرمەنـــد بوون و ئەگەر بۆ ماوەیەکیـــش بێت لێرە ماونەتەوە و هەندێکیان ئێســـتاش لە باشوور ژیان بەســـەر دەبەن و درێژە بە ژیان و کاروانی هونـــەری خۆیان دەدەن، مەلەك رۆژهاتیش یەکێکـــە لەو هونەرمەندان کە ســـەرەتای دەرکەوتن و ناوبانگ پەیدا کردنی لە باشـــوور بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: من خۆم بە هونەرمەندێکی کوردســـتانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەزانم، بەڵام جێگای شـــانازییە کە لە باشـــووری کوردســـتان لەرووی هونەرییەوە پێگەیشـــتووم و ئێستا خاوەن جەماوەرێکی زۆرم لەم پارچە ئازیزەی کوردستان.

مەلەك دیاریکردن و هەڵبژاردنی تێکســـتی گۆرانی بە یەکێك لە کارە قورســـەکان دەزانێت بۆ هەر هونەرمەندێك و لەم بارەیەوە دەڵێـــت :لەبەر ئەوەی لەکوردســـتانی باکـــوور لەدایك بوومە و ئاوازی تورکی زاڵە بەسەر کارەکانم یان ئاوازی گۆرانییەکانم لە تورکییەوە نزیکە، ســـەبارەت بە تێکستیش هەڵبژاردنی تێکستی باش بۆ من یەکێکە لە کارە هەرە قورسەکان، بەڵام چەند کەسێکی ئازیز و شـــارەزان هەن یارمەتیم دەدەن لە هەڵبژاردنی تێکستەکان و ئەو تێکستانەی کە بۆ من گونجاوە و دەزانن تێیدا سەرکەوتوو دەبم ئەوانم بۆ هەڵدەبژێرن کە مایەی رێز و سوپاسن.

وەك زۆربەی ئافرەتانی بواری هونەری مەلەکیش لە سەرەتادا ئاســـتەنگ و گرفتی زۆری بۆ درووســـتبوو کاتێك رووی لە بواری گۆرانی و موزیك کرد، چونکە پێشـــتر مامۆســـتای قورئان بووە، لـــەم بارەیەوە دەڵێ:کۆمەڵـــگای کوردەواری تا ئێســـتا دیلی دابونەریتە کۆمەڵایەتییـــە باوەکانە کە تاکەکان بەدەســـتییەوە دەناڵێنن، بۆیە دەبینیـــن هەموو کارێك گرفت و ئاستەنگی خۆی هەیە بەتایبەتی بۆ کچێك کە روو لە گۆرانی و موزیـــك بکات لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کارێکی ئاســـان نییە، ســـەرەتا خانەوادەکەم رێگایان نـــەدا من روو لە گۆرانی وتن بکەم و رێگرییـــان لێکردم بەتایبەتی خاڵ و مام و دایکم تاماوەیەك دایکم لێم زوێر بوو، بەڵام من بەردەوام بووم لەســـەر کاری هونەری و توانیم قەناعەتیان پێ بکەم کە گۆرانی وتن کارێکی ئاساییە بۆیە دواتر رازی بوون، لێرەدا حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە مرۆڤ دەتوانێ بەو شـــێوەیەی کە حەز دەکات مامەڵە لەگەڵ شـــتەکان بکات و دەتوانێـــت ناوبانگی خۆی بپارێزێـــت و وا بکات کە کۆمەڵگا رێزی بگرن و بە تەقدیرەوە لە کارەکانی بڕوانن.

مەلەك دەربارەی ئاواتەکانی لە بواری هونەری کوردیدا دەڵێ: بە شـــایەدی زۆر لەو کەسانەی کە شارەزان لە بواری هونەری گۆرانی و موزیك من توانیومە خزمەتێك پێشکەش بە هونەری کـــوردی بکەم، هەرچەندە ئاواتەکانـــم زۆر زیاترن لەوەی کە تا ئێستا پێشکەشم کردووە و بەردەوام هەوڵ دەدەم کە کاری نوێتر و جوانتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکەم، هەروەها بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بسەلمێنین کە میللەتی کوردیش خاوەن فەرهەنگ و کەلتوور و زمانی تایبەتی خۆیەتی ئەمەش جۆرێکە لە خەباتی نەتەوەیی، چونکە ئێمە دەتوانین زۆر شـــت لە رێگای کەلتوور و هونەرەوە ئەنجـــام بدەین بۆ خزمەت کردنی میللەتی خۆمان، بەڵێن بە جەماوەری خۆشـــم دەدەم کە بەردەوام بم لە پێشـــکەش کردنی کاری نوێ و رەسەن.

مەلـــەك زۆر حەز لە جلوبەرگی کـــوردی دەکات، زۆریش حەز لـــە مکیاژ ناکات، بۆیە زۆر جار لـــە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بە جلوبەرگی رەسەنی کوردی دەردەکەوێت.



# ئەلیسا به پێش گاگا دەکەوێت

ئەگەرچی بە دەگمەن گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی یان زمانەکانی دیکە دەڵێت جگە لە زمانی عەرەبی، بەڵام خانمە ئەستێرەی لوبنانی ئەلیسا بەسەر زۆرێك لە ئەستێرە جیهانییەکان سەرکەوتن لەوانەش جنیڤەر لۆپێز و لەیدی گاگا و بریتنی سپێرز لە لیستێکی تایبەت بە ئەستێرەکان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك.

پەیجی (وۆرلد میوزیك ئاوارد) لیستێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (٢٠) هونەرمەندی جیهانی کە بە شێوەیەکی زۆر لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاوبوونەتەوە، لیستەکە ناوی چەندین ئەستێرەی جیهانی لە خۆگرتبوو لەوانە گاگا و جنیڤەر لۆپێز و بریتنی سپێرز و چەندانی دیکە، ئەوەی جیگای سەروسوڕمان بوو، خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا سەرکەوت بە سەر زۆرێك لەو ئەستێرە جیهانیانە و پلەی چواردەهەمی بەدەست هێنا و سەرکەوت لە پێش جی لۆ کە لە پلەی شازدەم هات و گاگا لە پلەی هەژدەم و پۆپ مارلی لە پلەی نۆزدەم و بریتنی سپێرز کە لە پلەی بیستەم هات.



# هوما قورەیشی عاشقی میکاژە

خانمە ئەکتەری هیندی هۆما قورەیشـــی ئێســـتا خۆی ئامادە دەکات بۆ فیلمێکی نوێ کە فیلمێکی ئەکشـــنە بە ناوی (هێڵی خێرا) و چاوەڕێ دەکرێ یێکێك بێت لە کارە سەرکەوتووەکانی دادەنرێت و ساقی سەلیمی برا رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت.

لە میانەی وێنەگرتنی فیلمەکە هوما رایگەیاند کە عاشقی دانانی مکیاژە و بە یەکێك لە کارە گرنگ و ســـەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەی دادەنێت کە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری بێت، هوما بە رۆژنامەی (indianexpress)ی راگەیاند: وەك هەر کچێك حەز لە مکیاژ دەکەم، چونکە حەز دەکەم هەمیشە جوان و سەرنجڕاکێش بم لە چاوی خەڵك.

هوما کە بەم دواییە ریکلامێکی بازرگانی تایبەت بە کەلوپەلی جوانکاری ئەنجامداوە زیاتر دەربارەی مکیاژ وتی: رەنگە زۆر کەس پێیان سەیر بێت یان رەخنەم لێ بگرن، بەڵام من گوێ بە قسەی کەس نادەم و مکیاژ بووەتە بەشێکی نەبڕاو لە ژیانم، بەجۆرێك ناتوانم بە هیچ شێوەیەکی دەستبەرداری بم.



# بیرین ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

بۆ یەکەمجار خانمە ئەکتەری جیهانی بیرین سات کە بە ( فاتیما ) ناســـراوە لەگەڵ کینان دۆگلۆی هاوســـەری کە یەکێك لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی تورکیا، لە ریکلامێکی بازرگانی بـــۆ کۆمپانیایەکی تورکـــی بەرهەمهێنانـــی کەلوپولی کارەبایی دەرکەوتن و تێیدا بە کەســـایەتی راســـتەقینەی خۆیان دەرکەوتن دوور لە نواندن.

لەم ریکلامەدا بیرین دەردەکەوێت کە دیمەنێکی ئەکشن تۆمار دەکات دواتر کینانی هاوســـەری سەردانی شوێنی وێنەگرتن دەکات، دواتـــر کینان لە ئاهەنگێکی گەورەدا گۆرانی دەڵێت و لە پشـــتەوەی شـــانۆ بیرین هانـــی دەدات ئەمەش زیاتر لە واقعەوە نزیکە و ئەم دیمەنە لـــە نێوانیان بەردەوام روودەدات، لە بارەی ریکلامەکەوە میدیاکانی تورکیا رایانگەیاند کە کە بیرین و هاوسەری بڕی چوار ملیۆن لیرەی تورکییان وەرگرتووە کە دەکاتە نزیکەی دوو ملیـــۆن دۆلاری ئەمریکی، هەروەها ژمارەیەکی پێوانەییان تۆمار کردووە لەسەر ماڵپەڕی یوتیوب دوای ئەوەی ژمارەی بینەرانی لە دوو ملیۆن کەس تێپەڕی کرد.



## کامەران نوری:

# بوونی فیلمسازو دەرهێنەری بیانی لە هەموو سەردەمێکدا پێویستە

**کامەران نوری لە ساڵی ١٩٨٩ لە تیپی نواندنی سلێمانی دەستی کردووە بە کاری هونەری، تا ئێستا لە ١٦ شانۆگەریدا کاری کردووە وەك نواندن و بەڕێوبەری شانۆ و بەڕێوبەری بەرهەم و لە ١١ درامای تەلەڤیزیۆنی و ١٤ فیلمی کورت و ٤ فیلمی درێژ بە نواندن و بەڕێوبەری بەرهەم بەشدار بووە، هەروەها لە بەشی سێیەمی گەردەلوول و فیلمی بێکەس و مەرگی عاشقان بەشدارە.**
**کامەران نوری سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی دوای هێرشەکانی داعش و ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا رووی لە هەرێم کردووە، بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)ی دایەوە.**

■

# حەز بە یاری بەرشە دەکات و ڕۆژانەش بورجەک

دۆتمیر نازێ یەکێکە لە گۆرانیبێژە گەنجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری ورمێ لەدایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی پێشمەرگە بوو، ئەو ماڵباتە ناچار بوون روو لە هەندەران بکەن و لە سوید بگیرسێنەوە و ١٥ساڵە لەوێ نیشتەجێن، لە نەورۆزی رابرووودا گۆرانیی یەکەمی لەسەر نەورۆز چڕی و بە کلیپ بڵاوی کردەوە.
دوور لە هونەر گفتوگۆیەکمان لەگەڵ دوتمیر ئەنجامدا دەربارەی چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە وەڵامی داینەوە.
دوتمیر وەرزش بە یەکێك لە پێداویستییەکانی ژیانی هەموو مرۆڤێك دەزانێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: وەرزش زۆر پێویستە بۆ مرۆڤ، بۆیە من گرنگییەکی زۆری پێدەدەم و رۆژانە بە بەردەوام ٤٥ دەقیقە وەرزش ئەنجام دەدەم، تەنیا ئەگەر کاتم نەبێت یان لە گەشتدا بم.
دوتمیر نەیشاردەوە کە خوێنەرێکی بەردەوامی کەلووەکانە و لەم بارەیەوە وتی: کەلووی من کاورە و وەك زۆر کەس رۆژانەش دەیخوێنمەوە، چونکە بڕوام پێیان هەیە، دەربارەی وەرزشی تۆپی پێ و ئایا هاندەری چ تیپێکە، دوتمیر دەڵێ: هەر لە منداڵییەوە هەتا ئێستا تۆپی پێ یەکێك بوو لە حەزەکانم و لەگەڵ تیپی کچان یاریم کردووە، بۆیە ئێستاش زۆر حەز بە بینینی یارییەکان دەکەم، بەتایبەتی یاریەکانی بەرشە و ریال مەدرید، چونکە من هاندەری ریال مەدریدم، بەڵام سەرسامم بە شێوازی یاریکردنی یانەی

**• بۆ ئەم قۆناغە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و دەرەوە شانۆ پێویستترە، یان دراما و سینەما؟**

- باس لە هەر قۆناغێکی ژیان بکەین، لە ئاشتیا بێت یاخود جەنگ، پێویستمان بە هەموو بوارەکانی هونەر هەیە وەك شانۆ و سینەماو موزیك و دراماو هونەرەکانی تر بۆ وشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و ناساندنی ژیان و کەلتووری نەتەوە بە جیهانی دەرەوە .

*** ئایا بۆ جیهانی دەرەوە توانیومانە سوود لەم بارودۆخە وەربگرین لە بواری فیلم و کورتە فیلم و دیکومێنتاری؟**

-بەداخەوە لەم بارودۆخەدا ئەزموونەکانمان وەك پێویست بەرهەم نەهاتووە تاکو بتوانین لە ڕێی فیلمەکانمانەوە سوود بەم بارودۆخە بگەیەنین بۆ جیهانی دەرەوە، یان دەتوانین بڵێین لەئاست ویستی خۆماندا نییە. جەنگ هەمیشە سووتێنەری هونەری ڕاستەقینەیە و سووتێنەری ژیانە.

*** ئایا ئەزموونی هونەرمەندانی کورد لە بواری فیمی دیکیومێنتاری لەو ئاستەیە کە زۆر بەباشی سوود لەو بارودۆخە وەربگرین بۆ خزمەتکردنی کوردستان؟**

-وەك پێشتر باسمان کرد جەنگ ڕێگرە لەبەردەم ویستەکانماندا، بەڵام بە ڕای من دیکۆمێنتارەکانمان تاڕادەیەکی باش توانیویانە خزمەت بە کوردستان بکەن بۆ گەیاندنی پەیام و ڕاستییەکانی نەتەوەکەمان بە جیهانی دەرەوە.

*** زۆر فیلمساز و وێنەگر و دەرهێنەری بیانی هاتوون لە کوردستان کاریان کردووە، ئایا وەکو پێویست واقعی ئەم شەڕەیان بە جیهان ڕاگەیاندووە؟**

- بەڕای من بوونی فیلمساز و دەرهێنەری بیانی لە هەموو سەردەمێکدا پێویستە بۆ دروستبوونی پردێکی پێوەندی لە نێوان ئێمە و دنیای دەرەوە. زۆربەی ئەو فیلم سازانە ڕاستییەکانیان گەیاندووە بە جیهان، هەرچەندە هەندێکیان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان و ئایدۆلۆژیای وڵاتەکەیان پەیامەکان دەگەیەنن .

*** ئەگەر بە دیدێکی سینەمایی سەیری ئەو ڤیدیۆ کلیپانە بکەی کە بەم دواییە بەرهەمهاتوون، ئایا وەکو پێویستن؟**

- ئێمە بە تێکڕا ناتوانین باس لە هەموو کلیپەکان بکەین، بە خۆشحاڵییەوە هەندێکیان وەك پێویست توانیویانە پەیامەکانیان بگەیەنن، هەندێکیشیان تەنها کارێکە بۆ خۆ دەرخستن و ناو پەیداکردن.

*** بیرۆکەی ئەنجامدانی کارێکی سینەمایی یان درامایەکی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان کە گوزارشت لە بارودۆخی ئێستا و گەورەیی پێشمەرگە لەم شەڕەدا بکات، تا چەند بە پێویستی دەزانن؟**

- هیوادارم باڵا دەست و پارەدارانی وڵاتەکەم لە گرنگی و پێویستیی هونەر تێبگەن، بەتایبەت لەم بارودۆخەدا ئەرکێکی نیشتمانی ئەوانە بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری کە گوزارشت لە بارودۆخی ئێستا و گەورەیی پێشمەرگە لەم شەڕەدا بکات.

## ـــــەی دەخوێنێتەوە



بەرشەلۆنە، چونکە یانەیەکی بەهێزە.

دەربارەی خۆشترین و جوانترین شارەکانی کوردستان و جیهانیش دوتمیر دەڵێ: گەشتیش زۆر پێویستە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی شارەزای کەلتوور و فەرهەنگی گەل و نەتەوەکانی دنیا بێت و لە هەمان کاتدا کەلتووری خۆیانی پێ بناسێنێت، لە کوردستان هەموو شارەکانم پێ جوان و خۆشە لە هەر چوار پارچەکان، بۆ من هیچ جیاوازییەکیان نییە، لە جیهانیش بێگومان هەر شارێك جوانی و تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە.